ئازادی
FREEDOM OF SOCIETY
کۆمەڵگە

ژمارە (٥١) پاییز (٢٠٢٦)

سياسيـــــة، اجتماعية فصلية

# گۆڤارێکی هـزری، سیاسـی، جڤاکیی، وەرزییە



## کۆمین بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە

جەمیل بایک



## بۆکچین و ئۆجالان: دیالەکتیکی دیموکراسیی

جەنێت بیڵ



## ڕۆژئاوای کورستان: لە بەرداشی دەوڵەت - نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ

گفتوگۆ لەگەڵ ئاهین عەلی

## هزرینی ئۆجالان: پێوانۆی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە

وریا ئەحمەد

## سرووشت وەک بنەچەی ئەخلاق

پیتەر کرۆپۆتکین

## شکستی حوکمرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک

سیڤان سەعید



ڕێزێک بۆ

# شەهیدانی حەلەب

# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئـەو هیوا نوێیە دەکات.

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە **٥١** پاییز **٢٠٢٦**



ڕێزێک بۆ

# شەهیدانی حەلەب

**شەهیدان:**

زیاد حەلەب

دەنیز چیا

ڕۆژبین ئامارا

دلبرین قامیشلۆ

هاوار قەندیل

فەراشین عەفرین

FREEDOM



**بەشداران**

جەمیل بایک
وریا ئەحمەد
شێروان ئیبراهیم
عەلی ئەحمەد
هەیفا کەمال
هێمن کاکە
ئازادە ڕەحمانیی
دەشتی مەحموود
سوورێن ئیبراهیم
هەردی دولبەر

**دیزاین**

گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**

چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**

٥٠٠دانە

**نرخ**

٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**

پاییز ٢٠٢٦

**٥١**

**دەستەی نووسەران:**

نەجیبە قەرەداخی
پ.د. سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**

د. محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**

گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**

ئەحمەد باجەڵانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.

azadikomelge@hotmail.com

# پێڕست


پێشەکی ........ ٧

کۆمین؛ بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە

جەمیل بایك ........ ٩

هزرینی ئۆجالان؛ پێواژۆی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە

وریا ئەحمەد ........ ٣١

سرووشت وەك بنەچەی ئەخلاق

پیتەر کرۆپۆتکین ........ ٧٧

لە تاکگەرایی لیبراڵەوە بۆ کۆمەڵگەی کۆمۆناڵ

عەلی ئەحمەد ........ ١٠٩

پاراستنی جەوهەری، بنەمای ناسنامەی ئازادە

زەینەب یەشیل ........ ١٦٥

بۆکچین و ئۆجالان؛ دیالەکتیکی دیموکراسیی

جەنێت بیلّ ........ ١٩٧

سەبارەت بە ڕەگەتۆڕ، فەزای تەخت، ماشێنە جەنگییەکان و میدیای نوێ

ڤێرینا ئەندرمات ........ ٢٢٣

شکستی حوکمڕانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیك

سیڤان سەعید ........ ٢٥١

ڕۆژئاوای کورستان؛ لە بەرداشی دەوڵەت – نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ

گفتوگۆی ئازادیی کۆمەڵگە لەگەڵ ئاهین عەلی ........ ٢٨٩

ئەو کوڕەی نایەوێت ببێتە پاشا!

سوورێن ئیبراهیم ........ ٣١٥

ڕانانی پەرتووکی مانیفیستۆی ئاشتیی و کۆمەڵگەی دیموکراتیی

هەردی دولبەر ........ ٣٤٣

FREEDOM OF SOCIETY

## پێشەکی:

دەسەڵاتە ناوەندییە کلاسیکییە، ناکۆمەڵگەیی و باوکسالارییەکان، لەسەر لێواری خەرەندێکن، چونکە شتێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەری دەرهێناوەتەوە، شتێک کە لانیکەم لە سەد ساڵەی قەسابخانەی دەوڵەت-نەتەوەدا هەمیشە لابراوە: کۆمەڵگە. کۆمەڵگە بەپێی ڕاستینەی خۆی و چاندەکەی، تا دێت ناپێویستبوونی پەرگاڵە ناکۆمەڵایەتییە دەسەڵاتگەرەکانی لا ڕوون دەبێتەوە.

هەر ئەمەش پێش کردە و جووڵە، پێویستیی بە وەڵامێکی تیۆریی و دارشتنەوەیەکی تری سیاسیی و کۆمەڵایەتییە وەک نەخشەڕێی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بەرانبەر هەرسێ ئەسپسوارە مەحشەرییەکە: سەرمایەداریی و پیشەسازگەرایی و دەوڵەت-نەتەوە.

لەم گێژاوەدا، ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان لە پێواژۆی خەباتی سەدساڵەی سۆسیالیزمدا، سەرچڵییەکی تیۆریی دەکات؛ ئەو وەک هەڵهێنانی مەتەڵی ستەمکاریی، بە گوێی کۆمەڵگەدا دەچرپێنێت: «تێکڕای مێژووی مرۆڤایەتیی، بریتییە لە ململانێی نێوان کۆمۆن و دەوڵەت». شەڕی چینێکی سەردەست و زۆرینە لەگەڵ جڤاکە هەمەچەشنە چەوسێنراوەکەی کۆمەڵگە.

ئەم ژمارەیەی «ئازادیی کۆمەڵگە» ئاوڕدانەوەیەکی هەمەلایەنەیە بۆ ململانێی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتە چەپۆکسالارەکانی دەوڵەت و سەردەستەکان، کە تێیدا ڕێگەی ڕزگاریی بە ئازادیی ژن و ئەنتیگراسیۆنی دیموکراتیک دەستەبەر دەکرێت. ژمارەکە بە خوێندنەوەیەکی بنکۆڵئاسا و هەمەلایەنەی کۆمین وەک وەڵامی دەسەڵاتگەریی کەمینەی دەوڵەتەوە دەست پێ دەکات و تا ڕوانگەی چارەسەرسازی کۆمۆناڵ و ڕۆڵی میدیا و ئەگەری ڕزگاریی لە تۆڕەکانی چاودێریی دەسەڵات درێژ دەبێتەوە. هەروەتر، هەوڵی درووستکردنی گفتوگۆ لەگەڵ پێشەنگانی ئەنارشیست دەدات و بە خوێندنەوەیەکی گشتگیر بۆ دوامانیفێستۆی ڕێبەر ئۆجالان، ئاسۆی بەرجەستەکردنەوەی سیاسەتی کۆمۆناڵ لە ڕۆژئاوای کوردستان دەخاتە ڕوو.



# پاراستنی جەوهەری،
## بنەمای ناسنامەی ئازادە

نووسینی: زەینەب یەشیل
لە کرمانجییەوە: هەیفا کەمال

لە جیهانی ئەمڕۆماندا کە لە ڕووی ڕۆح و ڕەوشتەوە تووشی دارمانێکی قووڵ بووە و هەرچی پەیوەندیی بە ژیانەوە هەیە، لە کەسایەتیی ژندا لەلایەن مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی کراوەتەوە، هەڵوەستەکردن لەسەر ستراتیژیی پاراستنی جەوهەری و پێناسەکردنەوەی، گرنگییەکی ژیانیی هەیە. لە سەردەمێکدا کە هەموو دەوڵەتان و هێزە ئیمپریالیستەکان بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵ هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکەن و هەوڵ دەدەن ویست و میراتی بەرخۆدان تێکبشکێنن، سیستەمی سەرمایەداری هەوڵ دەدات ئەو هێزانەی جێگرەوەی ئەون، لەژێر ناوی تیرۆردا پێناسەیان بکات و بە پاساوی جیاوازەوە گۆشەگیریان بکات و بیانپووکێنێتەوە. هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، بەتایبەتی دژی ژن و بە گشتی دژی گەلان، هێرشێکی چڕوپڕیان دەست پێ کردووە بۆ سنووردارکردن و زەوتکردنی دەرفەتەکانی پاراستنی جەوهەریی ئەو توێژانە. بەم جۆرە، سیستەم هەوڵ دەدات هەموو هێزە جێگرەوەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دەستەمۆ بکات و بیانگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە کۆیلایەتی پەسەند بکەن. هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری باش دەزانن کە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بکەن بە کۆیلە، پێویستە سەرەتا ژن داگیر بکەن و بیکەن بە کۆیلە. لەبەر ئەم هۆکارە، بە ئاسانی دەتوانین بڵێین کە لە کۆمەڵگەدا ژن ئەو توێژەیە کە زیاتر لە هەموان ڕووبەڕووی هێرشەکانی سیستەم دەبێتەوە. لە ڕێگەی پیلان و سیاسەتی فرتوفێڵاوی بێشومارەوە کە دژی ژن پەرەیان

پێ دراوە، هەوڵ دەدرێت ژن لە میکانیزمەکانی بەرخۆدان دوور بخرێتەوە و گۆشەگیر بکرێت، لە هەمان کاتدا سیستەمی باڵادەست هەوڵ دەدات سیاسەتەکانی خۆی ڕەوا بنوێنێت. بەم شێوەیە، ژن دەخرێتە پێگەی کەسایەتییەکەوە کە نە خاوەنی هیچ کاردانەوەیەکە (ڕیفلێکس) و نە خاوەنی هیچ هێزێکە. لە ئەنجامی ئەم سیاسەتانەدا، کۆیلایەتی ڕیشە لە هەموو خانەکانی کۆمەڵگەدا دادەکوتێت و زاڵ دەبێت. بەم جۆرە، ملدان، ترس و تەسلیمبوون دەبنە بەشێکی جیانەکراوەی ژیان. لە ئەنجامی ئەمەشدا، دوورکەوتنەوەی بەردەوامی کۆمەڵگە لە بەهاکانی دیموکراسی، ڕەوشت و ئازادی، دەبێتە ئەمری واقیع. بەم شێوەیە، کۆمەڵگە دەبێت بە مێگەل و دەکەوێتە دۆخێکەوە کە هێزە سەرمایەدار و باڵادەستەکان بەپێی ویست و ئارەزووی خۆیان ئاراستەی دەکەن. لەسەر بنەمای ئەوە، بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگە لەم بۆردومانەی کە لە کەسایەتیی ژندا تووشی بووە، گرنگییەکی ژیانیی هەیە کە ڕەهەندە مێژووییەکانی کێشەکە بخەینە ڕوو و شیکارییەکی دروستی بۆ بکەین، هۆشیاریی پاراستنی جەوهەری پەرە پێ بدەین و بە گرنگی و پێویستیی ئەم هۆشیارییە بۆ سەردەمی ئێستامان بزانین.

بۆ ئەوەی ئەو بەهایانەی مرۆڤایەتی لەدەستی داون، بە ڕوانگەیەکی بەهێزەوە بەدەست بهێنرێنەوە و هەڵبسەنگێنرێن، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی دروستیی ئەو کێشانەی کە ژن و سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگە ئەمڕۆ پێوەی دەناڵێنن، پێویستە بزانین کەی، لە کوێ و چۆن ئەو بەهایانەمان لەدەست داوە.

ئەگـەر وانەکەیـن، نـەک هـەر هەوڵەکانمـان بـۆ گەیشـتن بـە ڕاسـتی کەموکـوڕی تێدەکەوێت، بەڵکـوو ناچاریـن ببینیـن کـە هەوڵەکانمـان بـۆ چارەسـەریی کێشـەکان سـەرپێیی و ناتـەواو دەبـن و ئـەو چارەسـەرییانەی دەیانخەینـە ڕوو، کورتخایـەن و ڕووکەشـن.

هەمـوو دۆزینـەوە شـوێنەوارییەکانی تا ئەمڕۆ پێمـان گەیشـتوون، پێمـان دەسـەلمێنن کـە یەکـەم کۆمەڵگەیبـوون لـە دەوری ژن شـێوەی گرتـووە. کۆمەڵگەیبـوون وەک هێزێکـی گـەورە دەرکەوتـووە کـە وای کـردووە مـرۆڤ بتوانێـت لـە بەرامبـەر بارودۆخـە سـەختەکانی سروشـتدا خـۆی بپارێزێـت و بنەماکانـی ژیانـی هاوبـەش پـەرە پـێ بـدات. ئـەو بارودۆخانـەی ژیانـی هاوبـەش کـە هاتنـە ئاراوە، وایـان کـرد مرۆڤایەتـی بـە بـەراورد لەگـەڵ هەمـوو بوونەوەرەکانـی تـری نێـو سروشـت، ببێتـە خاوەنـی هێـز و داهێنانێکـی جیـاواز و بـەم هۆیەشـەوە توانـای بەرەنگاربوونـەوەی هەمـوو جـۆرە سـەختییەکی تێدا دەرکـەوت. لـە کۆمەڵگەیبووندا، بەشـداریی هـەر تاکێک هەمیشـە دوو ڕەهەنـدی هەبـووە. مـرۆڤ هێنـدەی سـوودی لـە کەلەپـووری مێژوویـی و ئەزموونەکانـی کۆمەڵگـە وەرگرتـووە، ئەوەنـدەش لـە ڕێگـەی زیرەکیـی هەسـتەکی و شـیکارییەوە بووەتـە خاوەنـی هۆشـیاری و ئەزموونـی نـوێ. لـەم ڕوانگەیـەوە، دەتوانیـن بڵێیـن کۆمەڵگەیبـوون لـە ڕووی پاراسـتن و بەردەوامیدان بـە مرۆڤایەتـی لـە مێـژوودا ڕۆڵێکـی خودایـی گێـڕاوە، زیادەڕۆیـی نابێـت.

شێوازی بیرکردنەوەی کۆمەڵگەیبوون کە لە دەوری ژن شێوەی گرتووە و گەشەی کردووە، شێوازی بیرکردنەوەی ئەنیمیستییە(i). ئەمەش بەو واتایە دێت کە هەموو شتێک هاوشان لەگەڵ مرۆڤدا هەژمار دەکرا. واتە باوەڕ وابوو کە چۆن مرۆڤ خاوەنی ڕۆحە و زیندووە، بەهەمان شێوە هەر شتێک لە سروشتدا هەیە، ڕۆحی هەیە و زیندووە. لەسەر ئەم بنەمایە، مرۆڤ هەموو ئەو بوونەوەرانەی کە لەگەڵیاندا لە پەیوەندیدا بوو و سوودی لێ وەردەگرتن، وەک خزمەکانی خۆی سەیری دەکردن و بە پیرۆزی دەزانی. بەم جۆرە، تۆتێم(ii) بووەتە هێمای ژیانی هاوبەش و یەکسان لە کۆمەڵگەدا. ئەو ڕێزەی لە تۆتێم دەگیرا و ئەو هەوڵەی بۆ ژیانی هاوبەش دەدرا، بووە هۆی ئەوەی خێڵ (کلان) بە یەکسانی و پێکەوەیی بجووڵێتەوە و هەموو ئەندامانی ڕێز لە یەکتری بگرن. ئەم هێزە مەعنەوییە، هاوکات لەگەڵ دابینکردنی یەکێتیی ناوخۆیی خێڵ،

---

(i) ئەنیمیزم (Animism): باوەڕبوونە بەوەی کە هەموو بوونەوەر و دیاردە سروشتییەکان (ئاژەڵ، ڕووەک، بەرد، ڕووبار، با و باران) خاوەنی ڕۆح، هۆش و ویستی خۆیانن. ئەمە تێڕوانینێکی فەلسەفیی قووڵە کە لە کۆمەڵگە سروشتییەکانی سەردەمی نیۆلیتیکدا باو بووە و جیاوازیی نێوان 'مرۆڤ و سروشت (بکەر و بەرکار) 'ی سڕیوەتەوە. ئەم بیرکردنەوەیە بە تەواوی پێچەوانەی زەینیەتی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییە، کە سروشت وەک کاڵایەکی بێ ڕۆح و سەرچاوەیەکی بێسنوور بۆ چەوساندنەوە سەیر دەکات. لە فەلسەفەی ڕێبەر ئۆجالان-دا، گەڕانەوە بۆ ئەم تێگەیشتنە ئیکۆلۆژی و ڕەوشتییە، بنەمای دامەزراندنی "مۆدێرنیتەی دیموکراتیک" و ژیانێکی ئازاد پێکدێنێت.

(ii) تۆتێم (Totem): هێمایەکی سروشتییە (زۆرجار ئاژەڵێک، ڕووەکێک، یان دیاردەیەکی سروشتی) کە وەک ناسنامەی ڕۆحی و کۆمەڵایەتیی خێڵ (کلان) ێک سەیر دەکرا. لە تێڕوانینی کۆمەڵگەی سروشتیدا، تۆتێم تەنها نیشانەیەکی سادە نەبوو، بەڵکوو چەقی ئەو پەیوەندییە ڕەوشتی و یەکسانە بوو کە ئەندامانی کۆمەڵگەی پێکەوە دەبەستەوە و پەیوەندیی ئاشتیانەی نێوان مرۆڤ و سروشتی مسۆگەر دەکرد. ئەمە بە تەواوی پێچەوانەی هێما دەستکردەکانی "نەتەوە-دەوڵەت"ە (وەک ئاڵا)، کە بۆ سەپاندنی ناسنامەیەکی سەروەر و دابەشکار و سڕینەوەی فرەڕەنگی بەکاردەهێنرێن. تۆتێم گوزارشتە لە یەکێتیی ئۆرگانیکی نێوان تاک، کۆمەڵگە و گەردوون؛ بنەمایەکی سەرەکیی "کۆمەڵگەی ڕەوشتی-سیاسی"یە کە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بە شێوەیەکی سیستماتیک وێرانی کردووە.

بووە هۆی بەرەنگاریی هاوبەشیش دژی هێرشە دەرەکییەکان. ئەو ناسنامە کۆمەڵایەتییە دیارە و هێزی ژیانی هاوبەش لەناو خێڵدا، وای کردووە کە خێڵ لە چەندین دیاردەی نەرێنی خۆی بپارێزێت. چونکە ئەم ناسنامە هاوبەشە هێزێکی مەعنەوی لەناو هەموو ئەندامانی خێڵدا دەخوڵقاند و باوەڕێکی گەورەی بۆ تێکۆشان دژی هەموو نەرێنییەک دروست دەکرد. هاوکات لەگەڵ هەموو ئەوانەی باسمان کرد، لەلایەن ژنەوە چەندین یاسای ڕەوشتی بۆ پاراستنی کۆمەڵگە دانران. بۆ نموونە، پەیوەندییە سێکسییەکان لەلایەن ژنەوە سنووردار کران. چونکە ژن بەرپرسیاریێتیی ماددی و مەعنەویی منداڵانی گرتبووە ئەستۆ، لەم بوارەشدا خاوەنی مافی بڕیاردان بوو.

تابوویەکی(i) دیکەی ئەو سەردەمە، تابووی خواردن بوو. بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی ژیان، ئەو ڕووەک و ئاژەڵانەی مرۆڤ سوودی لێ وەردەگرتن، دەپارێزران. لەو سەردەمەدا کوشتنی بێچووی ئاژەڵان و لێکردنەوەی میوەی کاڵ قەدەغە بوو. ئەم یاسایانە هاوکات وەک ڕێکارێک پەرەیان پێ درا دژی مەترسیی قاتیوقڕی کە لەوانەبوو لە سروشتدا سەرهەڵبدات و دژی بەکارهێنانی ناپێویست. جگە لەمانە، چەندین ئامێر و کەرەستەش لەم قۆناغەدا پەرەیان پێ درا بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بتوانێت ژیانی

---

(i) تابوو (Taboo): بریتییە لە قەدەغەیەکی کۆمەڵایەتی کە لەسەر بنەمای باوەڕێکی پیرۆز یان مەترسیدار دامەزراوە. لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی سروشتیدا، تابوو میکانیزمێکی ڕەوشتی و خۆپارێزی بووە کە لە ویژدانی کۆمەڵگەوە هەڵقوڵاوە بۆ پاراستنی هاوسەنگیی ژیان (بۆ نموونە، قەدەغەکردنی بەفیڕۆدانی خۆراک یان ڕێزگرتن لە سووڕی ژیانی بوونەوەران). ئەمە بە تەواوی پێچەوانەی"لە سیستەمی نەتەوە-دەوڵەتدایە، کە ئامرازێکی زۆرەملێیە بۆ پاراستنی دەسەڵات و موڵکییەت. سیستەمی سەرمایەداری، تابووە ڕەوشتییە سروشتییەکانی تێکشکاندووە و تابووی نوێی لە خزمەت دەسەڵاتدا دروست کردووە.

خۆی درێـژە پـێ بـدات. بەهـۆی ئـەو ئامێرانـەی داهێنـران، مـرۆڤ دەیانتوانـی هـەم خۆیـان لەبەرامبـەر نەهامەتییەکانـی سروشـت و دیاردە نەرێنییەکاندا بپارێزن و هـەم خۆیـان پێ بەخێو بکـەن. لـەم ڕوانگەیـەوە، ئەگـەر بڵێین بیری ئازادی کـە کۆمەڵگـە لەو سـەردەمەدا خاوەنـی بـووە، بووەتـە هـۆی سـەرهەڵدانی چەندیـن پێشـکەوتنی گـەورە کە بۆ گەشـەی مرۆڤایەتی خـاوەن گرنگییەکی شۆڕشـگێڕانە بوون و لـە هیـچ سـەردەمێکی تـردا وێنەیـان نەبـووە، ئـەوا زیادەڕۆیـی نابێـت. شۆڕشـی کشـتوکاڵی، دۆزینـەوەی ئاگـر، شۆڕشـی زمـان و نووسـین و چەندیـن داهێنانـی دیکـەی شۆڕشـگێڕانە، دەتوانیـن بڵێین لـە داهێنەرتریـن شۆڕشـەکانی مێـژووی مرۆڤایەتیـن. کۆمەڵگەیبـوون کـە هـەزاران سـاڵی خایاند، یەکەمیـن خانەکانی هەسـت و بیر و زەینی مرۆڤـی دروسـت کـرد. ئـەو پێشـکەوتنانەی لـەو سـەردەمەدا ڕوویـان داوە، بوونەتـە هـۆی ئـەوەی کـە مرۆڤایەتـی لـە ڕۆژگاری ئەمڕۆشـدا بتوانێـت لەسـەر بنەمـای ئـەم میراتـە درێـژە بـە ژیانـی خـۆی بـدات.

هەرچەنـدە کاهینەکانـی سـۆمەر بـە سیاسـەتە نکۆڵیکارییەکانیـان ئیدیعـای ئـەوە دەکـەن کـە ئـەم داهێنانانە بەوان دەسـتیان پێ کردووە، بـەڵام هەمـوو دۆزراوە شـوێنەوارییەکان و بەڵگـە مێژووییـەکان پێمان نیشـان دەدەن کـە ١٢ هـەزار سـاڵ پێش زایین کۆمەڵگەیەکی دایـک هەبـووە. نزیکـەی ٤٠٠٠ سـاڵ پێـش زاییـن، دوای ئـەوەی هەندێـک لـە توێژەکانـی کاهیـن و پیشـەوەران دەسـتیان بەسـەر ئامرازەکانـی بەرهەمهێنـان و بەرهەمـی زیـادەدا گـرت، وردە وردە دەسـت بەسـەر هەمـوو ئـەو بەهایانەشـدا گیـرا کـە هـی کۆمەڵگـەی ژن-ناوەنـد بـوون.

لـەو سـەردەمەدا یەکـەم جـۆری چەوسـاندنەوە لەلایـەن کاهینانـەوە وەک چەوسـاندنەوەی زەینـی پـەرەی پـێ درا. کاهینەکانـی سـۆمەر هەوڵیـان داوە لـە ڕێگـەی میتۆلۆژیـاوە دەسـت بەسـەر زەینیەتـی مرۆڤایەتیـدا بگـرن. کاهینـان خۆیـان وەک پردێـک یـان نێوەندگیرێـک لـە نێـوان خـودا و مرۆڤەکانـدا نیشـان دەدا. ئـەم دۆخـە وەک یەکـەم هەنـگاو دادەنرێـت بـەرەو شـکاندنی ویسـتی مـرۆڤ و دابڕینـی لـە ڕۆحـی بەرخـۆدان. جگـە لـەوەش، دەتوانیـن بـە ڕوونـی ئاماژە بـەوە بکەیـن کـە داگیرکردنـی زەینـی مـرۆڤ لـەو سـەردەمەدا، بـووە هـۆی ئـەوەی مـرۆڤ کۆیلایەتـی وەک فەرمانێکـی خودایـی پەسـەند بـکات.

هەروەهـا جیابوونـەوەی زیرەکیـی هەسـتەکی و زیرەکیـی شـیکاری لـە مرۆڤـدا هاوکاتـە لەگـەڵ ئـەم قۆناغـەدا. چونکـە لـەم پرۆسـەیەدا بەشـێک لـە مرۆڤـەکان بـوون بـە دەسـەڵاتدار و بەشـێکی تریـش بـوون بـە کۆیلـە. بەشـێکیان نوێنەرایەتیـی ڕۆحیـان دەکـرد و بەشـەکەی تریـان نوێنەرایەتیـی ماددەیـان دەکـرد. ناکۆکییەکـی دیکـەی ئـەو سـەردەمە، لـەو چینایەتییـەدا بـوو کـە تـازە دروسـت ببـوو؛ کاهینـان بـۆ ئـەوەی دەسـەڵات و بەرهەمـی زیاتـر بەدەسـت بهێنـن، پشـتیان بـە فێـڵ و تەڵەکـە و پیلانگێڕیـی زۆر بەسـتووە و شـەڕی گەورەیـان بەرپـا کـردووە. میتۆلۆژیاکانـی سـۆمەر، بابـل و یۆنـان بـە ڕوونـی ئـەوە دەخەنـە بەرچـاو کـە چەنـدە بـە شـێوەیەکی چـڕ و بـە زەبـر و توندوتیـژی دژی ژن جەنـگاون. تێکۆشـانی نێـوان خوداوەنـد ئێنکـی و خوداوەنـدژن ئینانـا لەسـەر بەهاکانـی کۆمەڵگـەی سروشـتی، نیشـاندەری ئـەو بەرخۆدانەیـە کـە ژنـان دژی سیسـتەمی پیاوسـالاری

نیشانیان داوە. خوداوەند ئێنکی، وەک یەکەم خوداوەند کە دژی خوداوەندەکان جەنگا، بە بڕیارێکی هاوبەشی هەموو خوداوەندەکان ١٠٤ «مێ(i)»ی (بەهاکانی کۆمەڵگەی سروشتی) کە هی کۆمەڵگەی سروشتی بوون، دزی و بردییە شارەکەی خۆی، ئەریدۆ(ii). بەڵام خوداوەندژن ئینانا دەچێتە ئەو شارە و ١٠٤ بەهاکەی خۆی کە لێی دزرابوو، وەردەگرێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی، ئوروک(iii). لە ئەنجامی ئەمەدا، ئەنجوومەنی خوداوەندان هێرشێکی زۆر گەورە دەکەنە سەر خوداوەندژن ئینانا و لە پانتیۆنی(iv)

---

(i) مێ (Me): چەمکێکی کلیدیی سۆمەرییە کە بە نیشانەی مێخی (𒈨) دەنووسرا. نووسینی بە "Me مێ" تاکە شێوازی دروستە. "مێ"-یەکان ئاماژەن بە کۆی گشتیی بنەما، یاسا و بەها شارستانییەکان (وەک دادپەروەری، کشتوکاڵ، هونەر و نووسین). ئەم "مێ"-یانە میراتی هەزاران ساڵەی کۆمەڵگەی سروشتیی نیۆلیتیک بوون. ململانێی نێوان خوداوەندژن ئینانا و خوداوەند ئێنکی لەسەر "مێ"-یەکان، گوزارشتە لە بەرخۆدانی زەینیەتی کۆمەڵگەی سروشتی دژی سیستەمی نوێی پیاوسالاری کە دەیویست ئەم بەها گشتییانە بۆ خۆی قۆرخ بکات و دەسەڵاتی خۆی پێ بچەسپێنێت.

(ii) ئەریدۆ (Eridu): یەکێک لە کۆنترین و گرنگترین شارەکانی سۆمەری کۆن بوو، کە وەک ناوەندی سەرەکیی پەرستنی خوداوەند ئێنکی ناسرابوو. لە ڕوانگەی فیکرییەوە، ئەریدۆ تەنها شارێک نییە، بەڵکوو هێمایە بۆ ناوەندیکردنی دەسەڵات و قۆرخکردنی بەهاکان لەلایەن سیستەمی نوێی کاهینی-پیاوسالارییەوە. گواستنەوەی «مێ»-یەکان بۆ ئەریدۆ، گوزارشتە لە هەوڵی چەسپاندنی حوکمڕانیی ناوەندی وەک جێگرەوەیەک بۆ ژیانی ئۆرگانیکی کۆمەڵگەی سروشتی.

(iii) ئوروک (Uruk): یەکێک لە گەورەترین شارەکانی سۆمەری کۆن کە شوێنەوارەکەی ئەمڕۆ دەکەوێتە ناو سنووری دەوڵەتی عێراقەوە (ناوچەی وەرکا). ئوروک ناوەندی سەرەکیی پەرستنی خوداوەندژن ئینانا بوو. بەڵام ئوروک بە واتای ‹عێراقی کۆن› نایەت؛ ئوروک میراتێکی مرۆڤایەتییە، لە کاتێکدا دەوڵەتی عێراق دامەزراوەیەکی دەستکرد و دژ بەم میراتەیە. لە گێڕانەوەی ئایدیۆلۆژیی ئەم میتۆلۆژیایەدا، ئوروک جەمسەری بەرامبەری ئەریدۆیە. ئەگەر ئەریدۆ هێمای دەسەڵاتی نوێی پیاوسالاری و ناوەندگەرایی بێت، ئەوا ئوروک نوێنەرایەتیی دڵی کۆمەڵگەی سروشتی، ناوەندی کولتووری خوداوەندژن، و میراتی بەهاکانی سەردەمی نیۆلیتیک دەکات. گەڕاندنەوەی «مێ»-یەکان لەلایەن ئیناناوە بۆ ئوروک، هێمای بەرخۆدانی کۆمەڵگەی ژن-ناوەندە بۆ وەرگرتنەوەی بەها دزراوەکانی و گەڕاندنەوەی میراتی کۆمەڵگە بۆ خودی کۆمەڵگە.

(iv) پانتیۆن (Pantheon): وشەیەکی یۆنانییە (theos-Pan) بە واتای "کۆمەڵەی هەموو خوداکان". بەڵام پانتیۆن تەنها لیستێک نییە، بەڵکوو دامەزراوەی فەرمیی دەسەڵاتی پیاوسالارییە. دەرکردنی خوداوەندژن ئینانا لەم پانتیۆنە، هێمایە بۆ ئەو کودەتا سیاسییەی کە سیستەمی نوێی پیاوسالاری دژی نوێنەری کۆمەڵگەی سروشتی ئەنجامی دا، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بە تەواوی بچەسپێنێت و شەرعییەت لە بەرخۆدانی ژن بستێنێتەوە.

خوداوەندان دەری دەکەن. لە هەمان سەردەمدا، تێکۆشانی نێوان خوداوەند مەردوک و دایکی، خوداوەندژن تیامات، لە میتۆلۆژیای بابلیدا هەمان ڕاستی دەردەخات.

مەردوک بۆ ئەوەی دەست بەسەر بەهاکانی کۆمەڵگەی سروشتیدا بگرێت، بە بەکارهێنانی هەموو چەکەکانی هێرش دەکاتە سەر دایکی. خەنجەر لە دڵی دایکی دەدات و دەست بەسەر هێما و بەهاکانی کۆمەڵگەی سروشتیدا دەگرێت. زۆر بە ڕوونی دیارە کە ئەو کۆیلایەتییەی کۆمەڵگەی ڕەگەزپەرست ویستوویەتی بەسەر مرۆڤایەتیدا بیسەپێنێت، بە ئاسانی پەسەند نەکراوە. بەڵام بەرخۆدانی ژنان و ئەو پیاوانەی هێشتا لەژێر کاریگەریی کۆمەڵگەی سروشتیدا بوون، بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لەو لادانەی ڕووبەڕووی بووەتەوە، بەس نەبووە. لە میتۆلۆژیای بابلیدا باس لەوە دەکرێت کە مەردوک دایکی پارچە پارچە کردووە و هەر پارچەیەکی فڕێ داوەتە چوار لای دنیاوە. بەم شێوەیە پشتی بووەتە ئاسمان و زگی بووەتە زەوی، هەروەها لە فرمێسکەکانی چاویشی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات دروست بوون. ئەم نموونەیە بە شێوەیەک کە عەقڵ دەیوەستێنێت، ئەو توندوتیژییە دەخاتە ڕوو کە مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی بووەتەوە. هاوکات، ئەوەش دەخاتە ڕوو کە سیستەمی کۆیلایەتییەی پیاو دەیەوێت گەشەی پێ بدات چەندە چاوچنۆک و دڵڕەقە. لەم نموونانەوە تێدەگەین کە سەرەتای پاشەکشەی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ساڵی ٤٠٠٠ی پێش زایین. ژن کە تا ئەو کات پیرۆزترین بەها بوو، لە دوای ئەم

قۆناغـەوە لـە پەرسـتگاکاندا زیندانـی کـرا و بـوو بـە موڵکـی پیـاو. لـە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دابڕێنرا، لـە زانست دوور خرایـەوە و مـەودا خرایـە نێـوان خـۆی و هەمـوو ئـەو بەهایانـەی کـە خـۆی ئافراندبوونی. سیسـتەمی پیاوسالار تەنها بەمـەوە نەوەستا، بەڵکوو بـە فێـڵ و تەڵەکەبـازی نکوڵیـی لـە تـەواوی مێـژووی ژن کـرد و ئیدیعـای کـرد کـە هەمـوو شـتێک بـە پیـاو دەسـتی پـێ کـردووە.

میتۆلۆژیـای یۆنانـی ئـەو ڕاسـتییە زۆر بـە ڕوونـی نیشـانی ئێمـە دەدات. خوداوەنـد زیـووس بـۆ ئـەوەی ببێتـە خاوەنـی عەقڵـی خوداوەندژنـی ژیـری، مێتیـس، لەگەڵیـدا هاوسـەرگیری دەکات و پاشـان خوداوەنـدژن مێتیس دەکوژێـت، کۆرپەلەکـەی لـە منداڵدانـی دەردەهێنێت و دەیخاتـە نـاو مێشـکی خۆیـەوە. بـەم نموونەیەشـەوە دەبینیـن کـە پیـاو بـۆ ئـەوەی دەسـت بەسـەر هەمـوو بەهاکانـی ژنـدا بگرێـت، پەنـای بـۆ هەرچـی ڕێبـازی خـراپ هەبـووە بردوویەتـی و هێـزی بەرخۆدانـی ژنـی لـێ زەوت کـراوە و ڕۆح و بیرکردنـەوەی ئەسـیر کراوە. زانیـن، کـە یەکـەم ڕێگـەی مرۆڤایەتییـە بـۆ گـەڕان بـە دوای ئازادیـدا و بـۆ ئـەوەی خـۆی لـە مەترسـییەکان بپارێزێـت، بـە هـەزاران فێـڵ و یـاری و بـە شـێوەیەکی بەرچـاو لـە ژن دابڕێنـدراوە. هەروەهـا لـە میتۆلۆژیـای ئـادەم و حـەوادا، دوای ئـەوەی حـەوا میـوەی قەدەغەکراو کە میوەی ژیرییـە دەیخـوات، وەک گوناهـکار و تاوانبـار ناسـێنرا. چونکـە ژیـری و هێـزی تێگەیشـتن، لەگـەڵ توانـای شـیکردنەوەدا، هێزی گـەڕان بـە دوای ڕاسـتی و هێـزی بەرخۆدانیش لـە مرۆڤدا گەشـە پـێ دەدات. لێرەشـدا بـە ڕوونـی دەبینرێت کـە ئـەم

بـواره بـه شـێوەیەکی زۆر تونـد لـه ژن قەدەغـه کـراوه. بـەم جـۆره، چەوسـاندنەوەی زەینـی ئەنجـام دراوه و بـۆ پەرەپێدانـی ئەمـەش، هەمـوو ئـەو دامەزراوانـەی کـه پێویسـت بـوون بـۆ خزمەتکردنـی ئـەم زەینیەتـه، دامـەزراون. بـەم شـێوەیە، زیگوراتـەکان(i) دروسـت کـراون، کـه ئـەم زیگوراتانـه هـاوکات بـه واتـای نموونـەی سـەرەتایی دەوڵەتیـش دێـن. لـه زیگوراتەکانـدا، کاهینـەکان لـه نهۆمـی سـەرەوه دەمانـەوه، پیشـەوەران لـه نهۆمـی ناوەڕاسـت، بـەڵام ژنـان و کرێکاران لـه نهۆمـی خـوارەوه بـوون. بـەم جـۆره، بۆ یەکـەم جـار لـه کۆمەڵگـەدا چینـەکان دروسـت بـوون. لەکاتێکـدا کاهینـان پەیوەندیـی نێـوان خـودا و بەندەیـان دروسـت دەکـرد، پیشـەوەران نوێنەرایەتیـی چینـی ناوەڕاسـتیان دەکـرد، ژنـان و کرێکارانیـش نوێنەرایەتیـی چینـی هـەره خـوارەوه، واتـه کۆیلایەتییـان، دەکـرد. سـەرچاوەی ئـەو لادانـەی مرۆڤایەتـی لـه زەینیـدا بەخۆیـەوه بینیویەتـی، دەگەڕێتـەوه بـۆ ئـەو

(i) زیگورات (Ziggurat): پەرستگایەکی پلەپلەیی بەرز و مەزنە کە لە میزۆپۆتامیای کۆندا (بە تایبەت لەلایەن سۆمەری، ئەکەدی و بابلییەکانەوە) دروست کراوە. بەڵام زیگورات تەنها باڵەخانەیەکی ئاییني نییە، بەڵکوو یەکەمین وێنەی فیزیکی و بەرجەستەی سیستەمی چینایەتی و هیرارشیی دەوڵەتە. نهۆمی سەرەوەی، کە شوێنی پەرستنی خوداوەندەکان بوو، تایبەت بوو بە کاهین و دەسەڵاتداران، کە خۆیان وەک نێوەندگیری نێوان "ئاسمان" و "زەوی" دەناساند. نهۆمەکانی خـوارەوەش بۆ گـەل و کرێکاران بـوون. بـەم شێوەیە، زیگـورات بـووە هێمای جیابوونەوەی مرۆڤ لە سروشت، دروستبوونی چینی دەسەڵاتدار، و قۆرخکردنی زانست و ڕۆحانیەت لەلایەن دەستەیەکی بچووکەوە.

سەردەمە. جیابوونەوەی بکەر و بەرکار(i) بۆ یەکەم جار لەو سەردەمەدا دەرکەوتووە. لەکاتێکدا کاهینان و پیشەوەران وەک بکەر سەیر دەکران، ژنان و کرێکاران وەک بەرکار سەیر دەکران.

لەبەرئەوەی بەرکار بێ ڕۆحە، لەو سەردەمەدا هەموو جۆرەکانی باڵادەستی کاریگەرییان لەسەر بەرکار دادەنا و، بکەر دەیانتوانی بەرکار بە خواستی خۆیان ئاراستە بکەن. بەم شێوەیە، سیستەمی کۆیلایەتی ویستوویەتی بە شێوەیەکی ئاشکرا شەرعییەت بەخۆی بدات. دوای دامەزراندنی دەوڵەت، بۆ یەکەم جار توندوتیژی بە شێوەیەکی پلاندار و ڕێکخراو خۆی دامەزراند و یەکەم سوپاش لەلایەن سارگۆنی(ii) ئەکەدییەوە پێک هێنرا. بەم شێوەیە، لە ڕێگەی توندوتیژییەوە گەلان کۆمەڵکوژ کران، بەدیل گیران و کرانە کۆیلە. هەروەها لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، چەندین کۆمەڵکوژیی ماددی و مەعنەوی لەم قۆناغەدا ئەنجام دران. ئایدیۆلۆژیای توندوتیژیی دامەزراوەیی تەنها بە دامەزراندنی سوپا نەوەستا، بەڵکوو ئەم

(i) دوالیزمی بکەر و بەرکار (Dichotomy Object–Subject): ئەمە چەمکێکی فەلسەفیی بنەڕەتییە کە ئاماژەیە بۆ دابەشکردنی جیهان بۆ دوو جەمسەری دژ بەیەک: « (Subject) کە بریتییە لە «من»ی بیرکەرەوە، ئاگادار و چالاک، و» (Object) کە بریتییە لە «ئەوی تر»ی پاسیڤ و بێ ویست. ئەمە تەنها چەمکێک نییە، بەڵکوو زەینیەتی دامەزرێنەری مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییەکە هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەک (پیاو بەسەر ژندا، دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگەدا، مرۆڤ بەسەر سروشتدا) لەسەر ئەم بنەمایە ڕەوا دەکات. ئامانجی شۆڕشی مۆدێرنیتەی دیموکراتیک، تێکشکاندنی ئەم دوالیزمەو گەڕانەوەیە بۆ ژیانێکی یەکسان و سروشتییە کە تێیدا هەموو بوونەوەرێک «سوژە»ی خۆیەتی.

(ii) سارگۆنی ئەکەدی (Akkad of Sargon): پاشایەکی ئەکەدی بوو (نزیکەی سەدەی ٢٣ی پێش زایین) کە بە یەکەمین دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەت لە مێژوودا دادەنرێت. سارگۆن تەنها پاشایەک نییە، بەڵکوو ڕچەشکێنی دامەزراوەییکردنی توندوتیژی و یەکەمین نموونەی "دەوڵەتی میلیتاریست" (سەرباز–تەوەر) ە. پێکهێنانی یەکەم سوپای هەمیشەیی و ڕێکخراو لەلایەن سارگۆنەوە، خاڵی وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو: لەمەودوا، توندوتیژیی دەوڵەت بووە ئامرازێکی سەرەکی بۆ داگیرکاری، کۆمەڵکوژی و سەپاندنی دەسەڵات بەسەر گەلاندا. ئەمە سەرەتای ئەو "تیرۆری دەوڵەتی"یە بوو کە تا ئەمڕۆش لە شێوەی سوپا و هێزە ئەمنییەکاندا درێژەی هەیە.

توندوتیژییە بووە بەشێک لە ژیان و هەموو شتێک لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە دارێژرایەوە. لە یاساکانەوە بگرە تا پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان، هەموو شتێک لەسەر ئەم بنەمایە پەیڕەو دەکرا. توندوتیژی وەک شێوازێکی بنەڕەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا سەیر دەکرا و تەنانەت لە چارەسەرکردنی بچووکترین کێشەشدا ڕێبازی توندوتیژی بە بنەما دەگیرا.

هەرچەندە لەناو خێزاندا کۆیلایەتی گەشەی کرد، ژن بوو بە بەرکار و بەقەدەر بەرکاربوونی ژنیش، کۆمەڵگە ڕۆژ بە ڕۆژ بەهاکانی خۆی لەدەست دا. چونکە هەموو ئەو ڕێبازانەی دژی ژن بەکار دەهێنران، هاوکات دەبوونە هۆی لەناوبردنی هەموو ئەو بەها ڕەوشتییانەی کە کۆمەڵگە پشتی پێ بەستبوو. هەموو شتێک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و قازانجی زیاتر پەرەی پێ دەدرا. هاوکێشەیەک بەم شێوەیە دروست کرا: ژنی بێهۆش = ژنی نەزان = نەوەیەکی نەزان، ئەمەش لە شێوەی سوپایەکدا کە خزمەت بە دەسەڵات و کۆیلایەتی دەکات، پێناسە کرا. لە کۆمەڵگەیەکدا کە ژن لە هۆشیاری و سیاسەت دوورە، هەرگیز چاوەڕوانی هیچ کاردانەوەیەکی هزری، ڕۆحی و جەستەیی لێ ناکرێت. بەم شێوەیە، بێ نرخکردنی کۆمەڵگە ئەنجام درا. چۆن ژن لە ماڵەوە ملکەچی پیاوە، بە هەمان شێوە کۆمەڵگەش ملکەچی دەسەڵات و خاوەن سەرمایەکانە. واتە شکاندنی ویستی ژن تەنها بە ژنەوە سنووردار نابێتەوە و ئەم ڕێبازە بە گشتی بەسەر هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەدا دەسەپێنرێت. دەسەڵات بەسەر

کۆمەڵگەدا ئەوە دەسەپێنێت کە: «یان دەبێتە بەرکار یان دەبێتە بکەر». بەم شێوەیە لەکاتێکدا پیاوانی لاواز دەکرێنە بەرکار، پیاوانی بەهێز دەکرێنە بکەر؛ هەروەها کۆمەڵگە یان نەتەوە لاوازەکان دەکرێنە بەرکار و کۆمەڵگە یان نەتەوە بەهێزەکان دەکرێنە بکەر. هەروەها ڕۆژهەڵات دەکرێتە بەرکار و ڕۆژئاوا دەکرێتە بکەر. مرۆڤ دەکرێتە بکەر و سروشت دەکرێتە بەرکار. واتە ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانەی پارادایمی ڕەگەزپەرستی بەسەر ژن و پیاودا سەپاندوویەتی، هاوکات ئەو بیرکردنەوانەی مرۆڤ سەبارەت بە خۆی و دەوروبەری هەیەتی، لە چوارچێوەی ئەم زەینیەتەدا شێوە دەگرن. وەک دەرئەنجامێکی ئەو سیستەمەی لەسەر ئەم زەینیەتە دەسەڵاتدارە کار دەکات، کولتووری دەستدرێژیش گەشە دەکات. لە شوێنێکدا کە مرۆڤ دەکرێتە بەرکار، ئەوا داگیرکردنی، کۆیلەکردنی و دەستدرێژیکردنە سەری بە ڕەوا دادەنرێت. کاتێک باس لە دەستدرێژی دەکەین، ئەمە تەنها بە واتای ئەو دەستدرێژییە نایەت کە لە ڕووی جەستەییەوە ئەنجام دەدرێت.

مادام دەستدرێژی وەک هێرشێک بۆ سەر ویستی مرۆڤ سەیر دەکەین، ئەوا ئەمە بەو واتایە دێت کە ویستی مرۆڤ خراوەتە ژێر فەرمان و چەوسێنراوەتەوە و قۆرخکاری گەشەی پێ دراوە. بەم شێوەیە، ژن خراوەتە پێگەی موڵکێکی کەسێکی ترەوە و لە هەموو مافەکانی بێبەش کراوە، ئەمەش بە واتای دەستدرێژی دێت. ئەم ڕێبازەی توندوتیژی کە دژی ژن پەرەی پێ دراوە، هاوکات دژی کۆمەڵگەش بەکار دەهێنرێت. داگیرکردنی گەلێک لەلایەن دەوڵەتەوە،

هـاوکات بـە مانـای دەستبەسـەرداگرتنی هەمـوو بەهـا کۆمەڵایەتـی، کولتووری و مێژووییەکانیش دێت و ئەمەش بەشێکە لە کولتووری دەستدرێژی. لەبەرئـەوەی دیاردەی دەسـتدرێژی وێرانکارییەکی زۆر قووڵ لەسـەر کەسایەتی دروست دەکات، کەسێک کە ڕووبـەڕووی دەسـتدرێژی دەبێتـەوە، ئیتـر بێ بەرگری دەمێنێتـەوە و ناچـار دەبێت مـل بۆ هەمـوو جۆرە هێرش و سـەپاندنێک بدات. ئـەو دۆخەی ئەمڕۆ بەسـەر ژنـدا سـەپێنراوە، لـەم ئاسـتەدایە. بـۆ ئـەوەی گەمـارۆدان و ملکەچکردنـی ژن مسـۆگەر بکرێت، هەمـوو خانەیەکـی زینـدووی ژن لەلایـەن پیاوەوە ڕووبـەڕووی دەسـتدرێژی دەبێتـەوە. بـەم شـێوەیە، ژن دەخرێتـە پێگـەی بوونەوەرێکـی بێ ڕۆحەوە. ئیتر ژن گەیەنراوەتە ئاسـتێک کـە تەنانـەت ناتوانێت وەسـفی ئـەو دۆخـەی تێیدایـە بیکات. تـرس و ملکەچـی تـا مۆخـی ئێسـقانی ژن چـووە و ڕێگـری کـراوە لـەوەی تەنانـەت کاردانەوەیەکـی سـادەش نیشـان بـدات. نـەک هـەر ئەمـە، بەڵکوو وای لـێ کراوە کـە تـا کۆتایی بێمتمانـە بێت بەرامبـەر بـە خـۆی و دەوروبـەری.

بـە پشتبەسـتن بەوانـەی لـە سـەرەوە باسـمان کردن، لـە سـەردەمی مۆدێرنیتەی سـەرمایەداریدا کە تێیدا دەژین، کۆیلایەتی بە شێوەیەکی قووڵتـر لـە هەمـوو کاتێـک پـەرەی پـێ دراوە. واتـە دەتوانیـن بڵێیـن ئـەم سـەردەمە، سـەردەمی پەرەپێدانـی قووڵتریـن جۆری کۆیلایەتییـە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا. چونکـە بـۆ یەکـەم جـارە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیدا، مـرۆڤ ڕووبـەڕووی داڕمانێکی ڕەوشـتیی ئاوەهـا قووڵ دەبێتـەوە و ئاوەهـا لـە جەوهـەری خـۆی دوور دەکەوێتـەوە. هـەر

شتێک تایبەتە بە ژن، وەک کاڵایەک بە شێوەیەکی سامناک کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت. لەم قۆناغە بەدواوە، ئیتر ژیان وەک ئامرازێکی ئەشکەنجەدان دژی ژن بەکار هێنراوە. جەستە و مێینەیی ژن کراوەتە کاڵایەک کە بۆ ڕاوکردن و خستنە داوی کۆمەڵگە بەکار دەهێنرێت. هەموو پارچەیەکی جەستەی ژن بۆ تێکدان و سنووردارکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت و بەم شێوەیە گەیەنراوەتە ئاستێک کە تەواوی کۆمەڵگە ئیفلیج دەکات. کۆمەڵگەیەک کە غەریزەکانی وروژێنرا بێت، لە بواری سێکسیدا دەکەوێتە داوەوە و ئەو کۆمەڵگەیە تووشی داڕمانێکی ڕەوشتی و بۆشاییەکی مەعنەوی دەبێت. زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین لە مێژوودا بۆ یەکەم جارە مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی دەستدرێژییەکی هزری، ڕۆحی و جەستەیی ئاوەها بووەتەوە. خۆکوشتن و کوشتنی چڕی ژنان کە ئەمڕۆ ڕوو دەدەن، ئەم ڕاستییە بە شێوەیەکی بەرچاو دەخەنە ڕوو. هەموو دامەزراوەکانی ژێر سێبەری سیستەمی سەرمایەداری، دەتوانرێت وەک ئاشێک هەژمار بکرێن کە ژنی تێدا دەهاڕدرێت.

لە خێزانەوە بگرە تا هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەت، مامەڵەی تاوانکارانە لەگەڵ ژندا کراوە و هەمیشە سزادراوە. چۆن پیاو لە دەرەوە دەبێتە سێبەری دەوڵەت، بە هەمان شێوە لەماڵەوەش ژن دەکرێتە سێبەری پیاو. بەم جۆرە، دوو ڕێگە لەبەردەم ژندا دەمێنێتەوە: یان تەسلیمی پیاو دەبێت و کۆیلایەتی پەسەند دەکات، یان ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەشکەنجە دەبێتەوە و چارەنووسی

خۆکوشتن، کوژران یان ئەشکەنجەی دەروونی دەبێت. لە دادگای سەر بە دەوڵەتەوە بگرە تا دامەزراوەکانی ئاسایش، چونکە هەموویان لەسەر بنەمای زەینیەتی پیاوسالاری و ڕەگەزپەرستی دامەزراون، هەموو ڕێگەکان لەبەردەم ژندا داخراون. لە ئەنجامی ئەم مامەڵەکردنەدا، ژن وردە وردە لە ڕاستیی کۆمەڵگە دوور دەخرێتەوە و لە ڕەوشتی ئازادانە دادەبڕێت و لە هەموو پەیوەندییە ژیانییەکان دوور دەخرێتەوە. کۆیلایەتی دزە دەکاتە ناو هەموو بوارەکانی ژیانەوە. ئەم زەینیەتە کۆیلایەتییە وای لێ دەکات کە بە هەموو شێوەیەک خۆی لە دەنگ، زەین، جەستە، ڕەفتار، بیر و جووڵەکانی ژندا ڕەنگ بداتەوە. بەم جۆرە، ژنێک دەخولقێنرێت کە لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی پیاو دەیەوێت و کۆمەڵگەی ڕەگەزپەرست بۆی دیاری کردووە، بگونجێت. هاوکات، لە ڕێگەی میدیاوە بانگەشەیەکی زۆر بەهێز بۆ ئەم جۆرە ژنە خولقێنراوە دەکرێت. هەرچەندە ژن خۆی بفرۆشێت و بازاڕی بۆ بکرێت، ئەوەندە ڕێگەی بۆ خۆش دەکرێت و دەکرێتە نموونەیەک بۆ هەمووان (دەتوانێت ببێتە سەرۆک وەزیر، میدیاکار، هونەرمەند و هتد). ئەمڕۆ لە تورکیادا زۆر هونەرمەند، مۆدێل و پێشکەشکار نوێنەرایەتیی ئەم نموونەیە دەکەن. واتە دەتوانن وەک ئەو ژنانە بژین کە ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستیی دەوڵەت پەرەی پێ دەدەن و پیاو پەسەندیان دەکات.

نەتەوە-دەوڵەت، ژن وەک کاڵایەک و ماددەیەکی خاو بۆ سەرمایە هەڵدەسەنگێنێت و وەک ئامرازێکی چەوساندنەوەی کۆمەڵگە بەکاری

دێنێت. ژن هەم منداڵ دروست دەکات بۆ دابینکردنی کاری هەرزان کە پێویستە بۆ سەرمایەداری و کرێکار پەروەردە دەکات، هەمیش ئەو سەرباز و پۆلیسانە پەروەردە دەکات کە بۆ شەڕی دژی گەلان و ژنان پێویستن. بەم شێوەیە، هەموو میکانیزمەکانی خۆپاراستن لە ژن زەوت دەکرێن. ئەو ژنانەی ملکەچی ئەم سیستەمە نابن، ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئۆپەراسیۆنی جەستەیی، ڕۆحی، هەستەکی و هزری دەبنەوە کە لەلایەن پیاو و دەوڵەتەوە پەرەیان پێ دراوە. ژنێک کە لەماڵەوە موڵکی پیاو و کۆیلەی ئەوە، ڕووبەڕووی هەموو جۆرە سووکایەتی و دەستدرێژییەک دەبێتەوە و بە ئەشکەنجەیەکی گەورەوە دەژی. هاوکات، وەک ئامرازێک بۆ تێرکردنی پاڵنەرە غەریزی و دەسەڵاتخوازانەکانی پیاو سەیر دەکرێت. واتە جا چ لە ماڵی تایبەتدا بێت یان لەشفرۆشخانە، هەموو پەیوەندییەکان دەبنە هۆی ئەوەی ژن لە ڕووی سێکسییەوە زیاتر بچەوسێنرێتەوە. لەم دۆخەدا، دەتوانین ژن وەک کرێکارێکی بێ هیچ بەرامبەر و نرخێک ناو ببەین. وەک کاڵایەکی هەرزان هەڵسەنگێنراوە کە دەتوانرێت تا کۆتایی بۆ هەموو شتێک بەکار بهێنرێت. بەم شێوەیە، دەتوانین بڵێین کە نەتەوە-دەوڵەت؛ لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵگەی ڕەگەزپەرستییەوە، ژنی بێچارە کردووە.

بواری سیاسیش لەلایەن زەینیەتی ڕەگەزپەرستییەوە داگیر کراوە. ئەو ڕۆڵەی سیستەمی پیاوسالار بۆ ژنی دیاری کردووە، یان ئەوەیە کە وەک کاریکاتێرێک سیاسەتی پیاوانە بسەپێنرێتە سەری، یان ئەوەیە کە تا کۆتایی پەراوێز بخرێت و لەم بوارە دوور بخرێتەوە. لەم ڕێگەیەوە و بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر،

هاوکات توندوتیژیش بەکار دەهێنرێت و وای لێ کراوە کە ژن و کۆمەڵگە مەحکوومی سیستەمێکی نادادپەروەر و نایەکسان بن. ڕەوشتیش بوارێکە کە لەلایەن سیستەمی باوکسالارییەوە بە شێوەیەکی بەرچاو وێران کراوە و لە ناوەڕۆکی خۆی بەتاڵ کراوەتەوە. دەوڵەت لە ڕێگەی یاسا و دادوەرییەوە هەموو مافەکانی ژنی زەوت کردووە و تەسلیمی پیاوی کردووە. سیستەمی باڵادەست دەیەوێت لە ڕێگەی یاساوە ڕۆژ بە ڕۆژ شەرعییەت بەو دەسەڵاتە بدات کە دەیەوێت بەسەر ژندا جێبەجێی بکات. چونکە سەرەکیترین ئامانجی دەسەڵات ئەوەیە کەسانێک هەبن خزمەتی بکەن، بۆیە هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەی پەرەیان پێ دراوە، بۆ گەشەپێدانی تێگەیشتنی خزمەتکردنی پیاو و دەوڵەت جێبەجێ دەکرێن. یاسای لەباربردنی منداڵ (کۆرتاژ) کە ڕژێمی ئاکەپە لەم دواییانەدا دەیویست بیکاتە یاسا، نموونەیەکە بۆ ئەمە. ئەو یاسایانەی لەلایەن سیستەمی پیاوسالار و دەوڵەتەوە دەردەکرێن، کۆیلایەتیی دژی ژن قووڵتر دەکەنەوە و لەلایەن پیاوەوە بە شێوەیەکی زۆر خراپ بەکار دەهێنرێن. لەبەر ئەم هۆکارە، چاوەڕوانکردنی ئەوەی دەوڵەت یاسایەکی دادپەروەرانە بۆ ژن دەربکات، غەفڵەتێکی گەورەیە. سیاسەتەکانی دەستدرێژی کە دژی ژن پەرەیان پێ دراوە و ئەو توندوتیژییەی ڕۆژانە دژی ژن پەیڕەو دەکرێت و ئەو کۆمەڵکوژییانەی ئەنجام دەدرێن، بنەمای خۆیان لە زەینیەتی دەوڵەت و دەسەڵاتەوە وەردەگرن. لەناوبردنی ئەم یاسایانە بە واتای لەناوبردنی دەوڵەت و دەسەڵات دێت، بۆیە ڕوودانی شتێکی وا هیچ کاتێک مومکین نییە.

یەکێک لەو میکانیزمانەی کە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بەکاری دێنێت بۆ پەرەپێدانی هێرشەکانی دژی ژن، سیستەمی میدیایە. لە سیستەمی پیاوسالاردا، ڕۆڵی میدیا وێرانکارییەکی گەورە لە هۆشیاری و زەینیەتی مرۆڤایەتیدا دروست دەکات. بەم شێوەیە، مرۆڤێک کە مێشک و زەینیەتی ئیفلیج کراوە، لەژێر بۆردومانێکی دەروونی و ڕۆحیی چڕدا، لە ڕاستی دوور دەخرێتەوە. وەک دەبینرێت، میدیا ئەو ڕۆڵەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بۆی دیاری کردووە، بە باشترین شێوە جێبەجێی دەکات. ئەوەی سیستەم لە ڕێگەی دەوڵەتان و سوپاکانەوە پێی نەکراوە، لە ڕێگەی میدیاوە جێبەجێی کردووە. میدیا هەموو بەهاکانی سەر بە مۆدێرنیتەی دیموکراتیک لە ڕێگەی نەتەوەپەرستی، زانستپەرستی، ڕەگەزپەرستی و دینپەریستییەوە پارچە پارچە دەکات و کۆمەڵگە ڕووبەڕووی قڕکردن و کۆمەڵکوژی دەکاتەوە. بەم شێوەیە، زیرەکیی شیکاری و هەستەکیی کۆمەڵگە ئیفلیج دەکرێت و کۆمەڵگە دەگۆڕدرێت بۆ کۆمەڵگەیەکی غەریزی. ئەم دۆخە، بەهۆی پووچکردنەوەی زەینیەتی کۆمەڵگەوە، ئامادەی دەکات بۆ چەوساندنەوە. بەم جۆرە، هێزی بەرخۆدان و تێکۆشانی کۆمەڵگە لەناو دەبردرێت و کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی (ساناڵ) دروست دەکرێت. ئەم دۆخە وەک ڕەهەندێکی کۆمەڵکوژی جێبەجێ دەکرێت. میدیا بە خراپترین شێوە دژی ژن بەکار دەهێنرێت. بەردەوام پێوەرەکانی ئازادیی خەیاڵی پەرەیان پێ دەدرێت. بەم ڕێگەیەوە، میدیا لە ڕووی جەستەیی، هزری و کولتوورییەوە ژنێک دەخولقێنێت کە لەگەڵ خواستی پیاودا

بگونجێت. بەم شێوەیەش، ژن وەک کاڵایەک و ئامرازێکی ڕیکلام بۆ بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداران بەکار دەهێنرێت.

سەرەڕای هەموو ئەو ڕاستییانەی لە سەرەوە باسمان کرد، ژن، لە مێژوودا و لەمڕۆدا، بە هەموو هێزیەوە هەوڵی داوە لە بەرامبەر ئەو هێرشە فرەلایەنانەی کراوەتە سەری، جەوهەری خۆی بپارێزێت. سیستەمی دەوڵەت و مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، سەرەڕای هەموو هەوڵەکانیان، نەیانتوانیوە ژن تەسلیم بکەن و نەیانتوانیوە گەڕان بە دوای ئازادیدا لەناو ژندا لەناو ببەن. ژن لە هەموو سەردەمێکدا کولتووری بەرخۆدانی خۆی پاراستووە. لە مێژوودا سووتاندن و کۆمەڵکوژکردنی ملیۆنان ژن لەژێر ناوی جادووگەری، سیحربازی یان شەیتان، ئەم ڕاستییە بە شێوەیەکی زۆر ڕوون دەخاتە ڕوو. لە کولتووری بەرخۆدانی هەزاران ساڵەی خوداوەندەژنەکانی وەک ئینانا، زەننوبیا، هیپاتیا، عائیشە، مریەم و کیبەلەوە بگرە تا دەگاتە قارەمانێتیی ئەو ملیۆنان ژنە دانایەی لە پێناوی بەرخۆداندا سوتێنران، هەروەها تا دەگاتە قارەمانانی وەک ڕۆزا لۆکسمبۆرگ، زیلان، لەیلا قاسم و ساکینە جانسز؛ هەموو ئەمانە لە بنەڕەتدا ئەوە دەخەنە ڕوو کە ژن چەندە پشوودرێژ و سوورە لەسەر داواکاریی ژیانی ئازاد. ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ دەتوانین باس لە تێکۆشان، بەرخۆدان، کەرامەت و ئازادیی ژن بکەین، بێگومان سەرچاوەکەی لە میراتی بەرخۆدانی ژنانی قارەمانەوە وەرگیراوە.

هەروەها لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ملیۆنان ژن بە شێوازی جۆراوجۆر کاردانەوە و تووڕەیی خۆیان ڕۆژانە نیشان دەدەن

بەرامبەر بەو توندوتیژی، کۆیلایەتی، نادادپەروەری، نایەکسانی و کۆمەڵکوژییانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە و بە کردەوە نیشانی دەدەن کە نایانەوێت ببنە بەشێک لە سیستەم. ڕۆحی ئازادی، تێگەیشتنی دادپەروەرانە و یەکسانانەی ژن، وەک ڕابردوو، لەمڕۆشدا وەک ڕێبازێکی جێگرەوە دژی هاڕینی مرۆڤ لەناو چەرخەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا، خۆی نواندووە. لە بنەڕەتدا، جیهانی ژن بە جەوهەر لە دەسەڵات و دەوڵەت دوورە. ژن لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ، لە هەموو قۆناغێکدا خۆی وەک دژەتێزێک و جێگرەوەیەک هەست پێ کردووە و ژێرخانێکی بەهێزی بۆ داڕشتنی مۆدێرنیتەی دیموکراتیک ئامادە کردووە. ئەگەر ئەمڕۆ سیستەم زیاتر لە هەموو توێژێکی تر هێرش دەکاتە سەر ژن و دەڵێت «پێش هەمووان لە ژن بدەن»، ئەوا سەرچاوەکەی لەم ڕاستییەوە وەرگرتووە. لەسەر ئەم بنەمایانە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو کۆمەڵکوژییانەی ژن و کۆمەڵگە ڕووبەڕووی دەبنەوە، پەرەپێدانی بەرخۆدان و دروستکردنی عەقڵ و زەینیەتێکی کۆمەڵایەتی کە پشت بە زەینیەتی ژن ببەستێت، بابەتێکی زۆر گرنگ و مەرجدارە. دژی زەینیەتی دڕندانەی سیستەمی پیاوسالار، پێش هەموو شتێک، ژن پێویستی بە پەرەپێدانی هۆشیاری و دامەزراوەسازی هەیە کە بۆ پەرەپێدانی خۆپاراستن پێویستن. مادام ژن لەژێر سێبەری دەوڵەتی داگیرکەردا ڕووبەڕووی مامەڵەیەکی ئاوەها سامناک دەبێتەوە، کەواتە پێویستە فەلسەفەی پاراستنی جەوهەری لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەدا پەرەی پێ بدرێت و هەموو هەوڵەکان ئاڕاستەی لاوازکردن و لەناوبردنی ئەو دامەزراوانە بکرێن کە هی

دەوڵەتن. میراتی کۆمەڵگەی نیۆلیتی کە لەسەر بەهاکانی ڕەوشت و ئازادی دامەزراوە، دەبێتە هێزێکی مەعنەوی بۆ سەرەتایەکی نوێ. هەروەها بۆ ئەمڕۆ، نوێکردنەوەی میرات و بەهاکانی کۆمەڵگە کە ژن لە سەردەمی نیۆلیتیکدا خاوەنی بووە، بە شێوەیەک کە لەگەڵ جەوهەرە تایبەتەکەی خۆیدا بگونجێت، ڕوانگەیەکی بەهێز بۆ پاراستنی جەوهەری دەخولقێنێت.

دروستکردنی میکانیزمەکانی پاراستنی جەوهەری بۆ ژن، هاوکات بە واتای دروستکردنی ئەو ڕوانگە و بارودۆخە زۆر بەهێزەیە کە بۆ ژیانی ئازاد پێویستن. ژن لە ڕێگەی دامەزراوە و کرداری پاراستنی جەوهەرییەوە، دەرفەتی ئەوەی دەبێت کە هەبوونی خۆی بپارێزێت و گەشەی پێ بدات. بەقەدەر ئەوەی دەتوانێت هەبوونی خۆی بپارێزێت، ئەوەندەش دەرفەتی ئەوەی دەبێت کە ویست و فەلسەفەی ژیانی خۆی بپارێزێت. بەم شێوەیە، پاراستنی جەوهەری، هۆشیاریی پاراستنی هەبوونی ئازادانەی خۆت و بەرگریکردن لە خۆتە. بێگومان، بەقەدەر هۆشیاری، گەیشتن بە هێزی ڕێکخستن و کردار زۆر گرنگە. لەم بوارەدا، بزووتنەوەی ژنی کورد نموونەیەکی گرنگە.

ژنی کورد، هەرچەندە ڕووبەڕووی چەندین هێرشی سەخت بووبێتەوە کە ئامانج لێی شکاندنی ویستی بووە لە ڕێگەی سیاسەتەکانی نکوڵی و قڕکردنی سیستەمی ڕەگەزپەرستانەی داگیرکەری کوردستان، بەڵام هیچ کاتێک تەسلیمی ئەم هێزانە نەبووە و هیواکانی بۆ ئازادی لەدەست نەداوە. ژنی کورد هیچ کاتێک

کۆیلایەتیی پەسەند نەکردووە و لە هەر دەرفەتێکدا کاردانەوەی خۆی دەربڕیوە. لەبەر ئەم هۆکارە، هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی تێکۆشانی ئازادیی کوردستان، بەشداریی ژنی کورد لەم تێکۆشانەدا زۆر بەهێز و بەرین بووە. دەتوانین بڵێین بەم بەشدارییەوە، بەرخۆدانی ژن گەیشتووەتە لوتکەی ویست و هۆشیاری. هێزەکانی پاراستنی ژن کە لە ساڵانی نەوەدەکاندا دامەزران، بوونە هۆی ڕێنیسانسێکی زەینی و شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لەناو گەلی کورددا. بەم شێوەیە، ژنانی کوردستان هێزەکانی پاراستنی جەوهەریی خۆیان دیسان بەدەست هێنایەوە و لەو شوێنەی لێی کەوتبوون، لە نوێوە خۆیان ئافراندەوە. بۆ پەرەپێدانی هۆشیاریی پاراستنی جەوهەری، تێکۆشانێکی زۆر توند دژی کۆمەڵگەی ڕەگەزپەرست بەو تێگەیشتن و فەلسەفەیەی کە پێویست بوو، ئەنجام درا و بەرخۆدانێکی زۆر گەورە دژی سیاسەتەکانی نکۆڵی و قڕکردن نیشان درا. نەک هەر بەمەوە سنووردار نەبوونەوە، بەڵکوو لەسەر ناوی هەموو ژنانەوە، شەڕێکی پاراستنی جەوهەری پەرەی پێ درا. دژی ئەو چەمکی هێرش و قڕکردن و کۆمەڵکوژییەی کە لە چوار لای دنیاوە دژی ژن پەرەی پێ دراوە، بەرخۆدانێکی گەورە کە چەندین ساڵی خایاندووە، نیشان دراوە.

چونکە زەینیەتی پیاوسالار نکۆڵی لە ویست، ئازادی و هەبوونی ژن دەکات، پاراستنی جەوهەریش دەبێتە کێشەی مان و نەمان. کەواتە، پێش هەموو شتێک، پێویستی بە پەرەپێدانی هۆشیاری و هەڵوێستی پاراستنی جەوهەری هەیە. ژنی کورد بە

بیروباوەڕە ئایدیۆلۆژی، فەلسەفی و سیاسییەکانیەوە کە پشت بە بەهاکانی کۆمەڵگەی سروشتی دەبەستن، پێشەنگایەتیی سیستەمی مۆدێرنیتەی دیموکراتیک دەکات. ئەزموونەکانی ژنانی کورد نیشانی دەدەن کە پەرەپێدانی هۆشیاریی پاراستنی جەوهەری و سوپای ژنان، نەک تەنها دەرگاکانی ژیانێکی نوێی کردووەتەوە، بەڵکوو هاوکات بووەتە هۆی دروستبوونی باوەڕێکی گەورە لەلای ژن و بە سایەی ئەم باوەڕەوە، ژن توانیویەتی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هێزی پاراستنی خۆی دەربخات. ئەم هێزە هزرییە، ئەو هەڵوێستە سیاسییە و ئەو ڕێکخستنە ڕەسەنەی کە ژن پەرەی پێ داوە، بووەتە هۆی ئەوەی ژن ببێتە خاوەنی هێزێکی کرداریی فرەڕەنگ و وای لێ کردووە کە لەو ڕۆحە پاسیڤ و کۆیلانەیە دوور بکەوێتەوە کە سیستەمی باڵادەست بۆی دیاری کردووە. ئەم گەشەکردنە هاوکات بووەتە هۆی گۆڕانکارییەکی گەورە لەو زەینیەتە ڕەگەزپەرستییەدا کە ژن دەچەوسێنێتەوە و سووکایەتیی پێ دەکات. قارەمانێتییەکانی ژنانی کورد لە کۆمەڵگەدا بووەتە هۆی گۆڕانکارییەک کە هاوتای ڕێنیسانسێکە و هاوکات بووەتە هۆی گۆڕانی چەندین نەریتی کۆن کە ژنیان گەمارۆ دابوو. ئەگەر ئەمڕۆ ژنانی کورد لە ئاستی نەتەوەییدا لە چەندین دامەزراوەی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی پێشەنگ دەگێڕن، ئەوا سەرچاوەکەی لەو قارەمانێتییانەوە وەردەگرن کە نیشانیان داوە. چوونەناو بواری سەربازیی ژنانی کورد، بە واتای دەستێوەردانێکی زۆر جددی دێت لەو بوارەی کە پیاو زیاتر لە هەموو بوارێک دەیەوێت خۆی تێیدا بچەسپێنێت و ژنی لێ دوور بخاتەوە. پێشتر

هەموو شتێک کە هی ژن بوو، وەک موڵکی پیاو هەژمار دەکرا و لەلایەن پیاوەوە دەپارێزرا. بۆیە کاتێک ژن خۆی دژی هەموو هێرشەکان دەپارێزێت، خۆی لە ژێردەستەیی پیاو ڕزگار دەکات. ئەم دۆخە هاوکات بووەتە هۆی ئەوەی کە تێگەیشتنی نامووس کە پیاو وەک چەکێک دژی ژن بەکاری دەهێنا، ڕووبەڕووی دارمانێکی جددی ببێتەوە. لەسەر بنەمای ئەوە، کاریگەریی سوپای ژنان تەنها سنووردار نییە بە پووچەڵکردنەوەی ئەو هێرشانەی کە ئامانجیان قڕکردنی هەبوونی ژنە، بەڵکوو هاوکات بووەتە هۆی لەناوبردنی ئەو زەینیەت و فەلسەفەیەی سیستەمی پیاوسالار خۆی لەسەری دامەزراندووە و هەروەها لەناوبردنی ڕوانگە داگیرکاری و خاوەنداریێتییەکان. بەم واتایە، پاراستنی جەوهەری؛ هێندەی پاراستنێکی جەستەیی ڕەوایە، هێندەش چەکداربوونە لە ڕووی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و زەینییەوە و گەیشتنە بە هێزی کردار.

لەم قۆناغەدا کە سیستەمی پیاوسالار دەیەوێت خۆی لە ڕووی ئایدیۆلۆژی، سەربازی و سیاسییەوە بەهێز بکات، دەیەوێت هەموو ئەو توێژانەی وەک مەترسی بۆ سەر خۆی دەیانبینێت، لەژێر ناوی تیرۆردا سەرکوت بکات و لەناویان ببات. بەم شێوەیە، ملدان و کۆیلایەتی بەسەر هەموو توێژە جێگرەوەکاندا، بە ژنیشەوە، دەسەپێنرێت. ئەو شتەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری کە لەسەر بنەمای زەینیەتی پیاوسالاریی پێشەنگایەتیکراوی ئەمریکا و نوێنەرەکانی کە هێزە ناوچەییەکانن دەیانەوێت پەرەی پێ بدەن،

لە دیالۆگی نێوان شێر و ئاسک(i) دەچێت. شێر هەموو ڕۆژێک هێرش دەکاتە سەر ئاسکەکان، پارچە پارچەیان دەکات و دەیانخوات؛ ڕۆژێک هەموو ئاژەڵانی نێو سروشت کۆ دەبنەوە و کۆبوونەوەیەک لەسەر چەکداماڵین ساز دەکەن. شێر ئیدیعای ئەوە دەکات کە دوو قۆچەکەی ئاسک زۆر مەترسیدارن و هەڕەشەیەکی گەورە دروست دەکەن، بۆیە پێویستە ئەم قۆچانە لەناو ببرێن. بێگومان ئاسک ئەم بیرۆکەیە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت کە قۆچەکانی تەنها بۆ ئەوەن خۆی لە ئاژەڵە گۆشتخۆرەکان بپارێزێت. دەشڵێت کە ئەم قۆچانە بۆ هیچ کەسێک مەترسی دروست ناکەن و تەنها بۆ بەرگریکردن لە خۆی بەکاریان دێنێت، بەڵکوو لە بنەڕەتدا پێویستە ددانەکانی شێر بکێشرێن، چونکە ددانەکانی شێر مەترسین بۆ سەر ژیانی ئەوان، شێر بەو ددانانە هێرشیان دەکاتە سەر و هەڕەشە لە ژیانیان دەکات، بەڵام قۆچەکانی ئەو هیچ هەڕەشەیەک بۆ سەر ژیانی شێر دروست ناکات. ئەم نموونەیە بەڕاستی هاوتایە لەگەڵ ئەو پیلانگێڕییە چەپەڵانەی پیاو دژی ژن ئەنجامیان دەدات. پیاو بە پەیڕەوکردنی پیسترین سیاسەتەکان دژی ژن، هێرش دەکاتە سەری و بە بەکارهێنانی توندوتیژی ویستی دەشکێنێت، بۆ ئەوەی هەموو ئەو دەرفەتانەی ژن هەیەتی بۆ بەرگریکردن لە خۆی لێی

---

(i) دیالۆگی نێوان شێر و ئاسک: ئەڵێگۆریایەکی سیاسییە کە بۆ دەرخستنی دووڕوویی سیستەمی باڵادەست بەکاردێت. لەم چیرۆکەدا، شێر (هێمای دەسەڵاتدار) داوای «ئاشتی» و «چەکداماڵین» لە ئاسک (هێمای ژێردەستە) دەکات و قۆچەکانی ئاسک بە مەترسی دادەنێت، لە کاتێکدا هەرگیز باس لە ددان و چڕنووکەکانی خۆی ناکات کە چەکی ڕاستەقینەی هێرشکردنن. ئەمە ڕێک وێنەی زەینیەتی دەوڵەت و پیاوسالارییە کە هەمیشە داوای خۆبێچەککردنی قوربانییەکە دەکەن بۆ ئەوەی بە ئاسانتر بتوانن بیکەنە کۆیلە و بیچەوسێننەوە.

بستێنێتەوە، وەسفی وەک: نەرمونیان، هەستیار، ئاشتیخواز و هتد بۆ دەکات. تەنانەت ژنێکی کەمێک بوێر، خۆدەربڕ و زیرەک، یان وەک ناشیرین وێنا دەکرێت یان بە ‹پیاوسالار› ناودەبرێت. بەم شێوەیە، لە کۆمەڵگەی ڕەگەزپەرستیدا، ژن هاوتای لاوازی، ملکەچی و پاسیڤی کراوە. ئەمەش یەکێکە لەو ڕێبازانەی کە کۆمەڵگەی ڕەگەزپەرست لەسەر بنەمای فێڵبازییەکانی خۆی دایڕشتووە، بۆ ئەوەی ژن هەمیشە لەژێر هەژموونی پیاودا بمێنێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر پاراستنی جەوهەری پاساوی هەبوونی ژنە، ئەوا پێویستە هەموو هەوڵ و ئامانجە سەرەکییەکانی ژن ئاڕاستەی پەرەپێدانی میکانیزمەکانی خۆپاراستن بکرێن. مادام ژن ناتوانێت بە زمانێکی لاڵ، مێشکێکی وێرانکراو، دڵێکی داگیرکراو و دەستێکی بێهێزەوە، ڕووبەڕووی سیستەمی چەوسێنەری پیاوسالار ببێتەوە؛ کەواتە ژن پێویستە لە هەموو ڕوویەکەوە خۆی پڕچەک بکات بۆ پەرەپێدانی تێکۆشانی ئازادی. ژن تەنها بەم شێوەیە و بە ڕێبازێکی ژیرانە، پڕمانا و پێگەیشتووانە، لەکاتێکدا سیستەمە دیموکراتییەکەی خۆی پەرە پێ دەدات، دەتوانێت ڕێگری لە کولتووری دەستدرێژی بکات.

توانای ژن بۆ بوون بە هێزێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، کولتووری و ژینگەیی و هەروەها بوون بە خاوەن قسە و ویستی خۆی، تەنها بە توانای بەرگریکردن لە خۆی و بوون بە هێزی چارەسەری هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکان مومکینە. ئەم دۆخە هاوکات ئەوەش دەخاتە ڕوو کە پێویستییەکی زۆر گەورە بە

پەرەپێدانـی هۆشـیاریی پاراسـتنی جەوهـەری هەیـە. لەسـەر هێڵـی پاراستنی جەوهـەری؛ پێویستییەکی زۆر گەورە هەیە بە پەرەپێدانی تێگەیشـتنێکی نـوێ و خولقاندنی ڕوانگەیەکی کرداریی بەهێز کە لـە دەرەوەی تێگەیشـتنی دەوڵـەت و دەسـەڵاتخوازی بێـت. هـەر کـردار و هـەر چالاکییـەک کـە پشـت بـەم بنەمایانـە ببەسـتێت، دەبێـت لـە خزمەتی کۆمەڵگەی ڕەوشتی و سیاسیدا بێت. بەم شـێوەیە، ژن لـە ڕێگەی شـێوازی کرداری خۆیەوە وەڵامی بەهێز بۆ پرسـیارەکانی: «چ جـۆرە ژیانێـک، چ جـۆرە تێگەیشـتنێکی ڕەوشـتی و چ جـۆرە کۆمەڵگە و دنیایەک دەیەوێت؟ « دەدۆزێتەوە. لەسـەر ئەو بنەمایەی کـە ژن دەگاتـە بیرکردنـەوەی هاوبـەش، بڕیاری هاوبـەش و کرداری هاوبـەش، هیـچ کێشـەیەک نامێنێتـەوە کـە نەتوانێـت چارەی بـکات.

لـەم سـەردەمەی تێیـدا دەژیـن و ئەمەنـدە گفتوگـۆی چـڕ لەسـەر دیموکراسـیی کۆمەڵایەتـی و ئـازادی دەکرێـت، نابێـت هیـچ هێـز و هیـچ دەسـەڵاتێک چاوەڕوانـی ئـەوە لـە ژن بـکات کـە بچێتـە پێگـەی قوربانییەکـی تەسـلیمبوو و بـێ هیـچ کاردانەوەیەکـەوە. ژن، وەک هەمـوو بوونەوەرێکـی زینـدووی نێـو سروشـت، خاوەنـی مافـی بەرگریکـردن لـە خـۆی و پاراسـتنی هەبوونـی خۆیەتـی. بەپێـی یاسـای سروشـت، هیـچ ڕووەک و ئاژەڵێـک نییـە کـە خاوەنـی سیسـتەمی پاراسـتنی جەوهـەری نەبێـت. هەروەهـا لـە سروشـتدا، هیـچ سیسـتەمێکی بەرگـری نییـە کـە بوونەوەرێـک بـۆ پاراسـتنی بوونەوەرێکـی تـر پـەرەی پـێ دابێـت. هەمـوو بوونەوەرێـک بەرپرسـە لـە پاراسـتنی خـۆی لـە هەمـوو مەترسـییەکان و درێـژەدان بـە

هەبوونی خۆی. هەر گوڵێک، هەر شاهینێک، هەر بوونەوەرێک، خۆی، خۆی دەپارێزێت. کەواتە، پاراستنی ژن لەلایەن پیاوەوە، هێندەی دژ بە یاساکانی سروشتە، هێندەش ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی دەسەڵات، توندوتیژی و داگیرکاری خۆیان لەسەر ئەم تێگەیشتنە دابمەزرێنن. هیچ پیاو و هیچ سیستەمێک ناتوانێت چەوساندنەوە پەرە پێ بدات دژی ژنێک کە خۆی بە چەکی هزری، کولتووری، ئابووری و سەربازی پڕچەک کردبێت و بەرگری لە خۆی بکات. لە دەرئەنجامی هەموو ئەمانەدا، بۆ پێشخستنی بەهاکانی ژیانی ئازاد، بۆ گۆڕین و ئازادکردنی کۆمەڵگەی ڕەگەزپەرست و بۆ پەرەپێدانی ڕێنیسانسی هاوچەرخی کۆمەڵایەتی، ستراتیژیی پاراستنی جەوهەری پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ کۆمەڵگە و ژنان. لەسەر بنەمای دروشمی ‹ژنی ئازاد و بەهێز، کۆمەڵگەی ئازاد و بەهێزە›، ئێمە بە ژنێکی زانا، ئازاد و ڕێکخراو، کۆمەڵگەیەکی نوێ بونیاد دەنێین. دەتوانین بگەینە ڕاستیی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی نوێ بە ژنێکی هۆشیار، ئازاد و ڕێکخراو. ژنێکی هۆشیار، ڕێکخراو و گەیشتوو بە هێزی کردار، ڕۆڵی بەردی بناغەی ڕاستیی ژیانی ئازاد و هاوبەش دەگێڕێت.

تێبینی: ئەم نووسینە لە کرمانجییەوە کراوە بە سۆرانی. لەبەر ئەوەی دەقە کرمانجییەکەش وەرگێڕانە لە تورکییەوە، هەندێک ڕستە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری واتا و نزیکبوونەوە لە دەقە ئەسڵییەکە، سەرڕاست کراونەتەوە و پەراوێزیان بۆ زیاد کراوە.

## سەرچاوەی وەرگێڕان:

گۆڤاری: Modernîte Demokratîk

ناونیشانی وتاری سەرەکی:
‹Parastina Cewherî ,Rêgeza Bingehîn a Nasnameya Azad e›

بەستەری ئەلیکترۆنی (لینک):
https://demokratikmodernite.org/parastina-cewheri-regeza-bingehin-a-nasnameya-azad-e/

# Freedom of society

intellectual, political, social & seasonal magazine

مـجلة حـرية المجتمع،

### لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کۆژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلا موحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزا و ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون-کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەم و زین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەر مارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠ م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com